وزارتی تندروستی راگەیەندراوەکی لەبارەی گیان لەدەستدانی ئافرەتێک بەهۆی نەشتەرگەریەوە بڵاوکردەوە

وزارەتی تەندروستی راگەیەندراوەکی لە بارەی گیان لەدەستدانی ئافرەتێک بەهۆی نەشتەرگەری جوانکاریەوە

بڵاوکردەوە، ئاماژەی بۆکرد " لەبەرامبەر نەبوونی پسپۆڕی بواری کاری نەشتەرگەری جوانکاری و نەبوونی ئامێرپەدانی کارکردنی لە نەخۆشخانەی ناوبراو، وزارەتی تەندروستی ئەککاری توندی یاسایی گرتەبەر بەرامبەر بە پزیشک ونەخۆشخانەکە".

ئەمە پینج شەممە، دوای ئەوەی ئافرەتێک بەهۆی نەشتەرگەری جوانکاری (دەرهێنانی چۆری سگ) گیانی لەدەستدا، وزارەتی تەندروستی لە راگەیەنراوەکدا وتی" لەبەرامبەر نەبوونی پسپۆڕی بواری کاری نەشتەرگەری جوانکاری و نەبوونی ئامێرپەدانی کارکردنی لە نەخۆشخانەی ناوبراو، وزارەتی تەندروستی ئەککاری توندی یاسایی گرتەبەر بەرامبەر بە پزیشک (د. ئا. م) ، دوای گیان لەدەستدانی هاوەاتی (ش. ع) لە شاری سلەمانی لە نەخۆشخانەی (سەفین)ی تایبەت کە نەشتەرگەری جوانکاری بە ئەنجام درابوو.

بە ئەم مەبەستە وزارەتی تەندروستی بەیاریدا بە:

١- پکهنانی لژنەی لکۆینەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بەمەبەستی لکۆینەوە لە کێشەی گیان لەدەستدانی ناوبراو بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ (یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لەهەرێمی کوردستان) و پێیەوی (پکهاتە و ئەرکەکانی لژنەی لکۆینەوەی پیشێیی لە وەزارەتی تەندروستی) ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ بە ئامادەبوونی دادوەری داواکاری گشتی و نوێنەری سەندیکای پزیشکانی کوردستان

٢- ڕاگرتنی پزیشک (د. ئا. م) بەناونیشانی پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی لەکارکردنی تا کۆتایی هاتنی لژنەی لکۆینەوە ، لەبەر ئەوەی ناوبراو سەرپێچی ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٤ و فەرمانی وەزاری ژمارە (٤٣٠٤) لەڕێکەوتی ٣ /٧ / ٢٠٢٣ ی کردوە ، کەوا کاری پسپۆڕی ئەم پزیشکە نیە بە ئەنجامدانی ئەم جۆرە نەشتەرگەریە بەڵکو ئەم نەشتەرگەریە کاری پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری جوانکاریە نەوەک نەشتەرگەری گشتی.

٣- پەبژاردنی نەخۆشخانەی (سەفین)ی تایبەت بەهەی سەرپێچی کردنی یاسا و ڕێنماییەکان تایبەت بە نەبوونی ڕێگەپێدانی کارکردنی پزیشکی ناوبراو لە لیستی میلاکی ئەم نەخۆشخانەیە.

٤داخستنی هەڵکانی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی ناوبراو لەپێناو سەلامەتی نەخۆش و چارەسەریکان.